

## بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا

# ئافرەتان دووچاری بەربەست و دژواری دەبنەوە

ئیزابیل کۆڵمان، پسپۆڕە لە بواری یەکسانیی رەگەزی ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکاو توێژەری باڵای سیاسەتی دەرەوەیە. ئەو توێژەرە یەکسانیخوازە رایوایە رێگەدان بە ئافرەت بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی، سوود بە پرۆسەی دیموکراسی دەگەیەنێت. جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە توێژینەوە تازەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئافرەتانی دەسەڵاتدار بەراورد بە پیاوانی سیاسەتمەدار، بژاردەی جیاواز دێننەکایەوەو سوودیش بە سەرچاوەی گشتی دەگەیەنن. ئەمانە و چەندین لێکۆڵینەوە و ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو دەرخەری ئەو راستییەن کە ئافرەتان لە هەر کۆمەڵگەیەك، ئەو هێزە کاریگەرەن کە دەتوانن خزمەت بە کۆی بوارەکانی ژیان بگەیەنن، بەڵام کەی و چۆن دەتوانن ئەو کاریگەرییە دروست بکەن؟ چەمکی توندوتیژی سیاسی بەرامبەر بە خانمان چ رەهەندگەلێك لە خۆی دەگرێت؟ بۆچی ئافرەتان لە بواری سیاسیدا پەراوێز دەخرێن؟ چۆن دەکرێ دەلاقەیەکی نوێ بە رووی سیاسەتسازی و بەشداریی خانمان لە ناوەندەکانی دروستکردنی سیاسەتدا بکرێتەوە؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.

لە مەتبەخی سیاسەتدا گومان لە دەسترەنگینی و توانای ئافرەت دەکرێت، کەچی زۆر کەمن ژمارەی ئەو کەسانەی کە گومانیان لە کابانی ئافرەت لە چێشتخانەی ماڵەکەیدا هەبێت، لەبەر ئەوەی دەبینین دەسترەنگینی و زنگینیی هزری ئافرەتەکە وادەکات خۆشترین خواردن و شیرنەمەنی و خواردنەوەکان دروست بکات، بێگومان ئەگەر لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیشدا کاری دروستکردنی پێ بسپێردرێ، دەتوانێت لە دروستکردنی سیاسەتیشدا رۆڵێکی کارامە ببینێت و کاکڵ و توێکڵی سیاسەتەکەش جوانتر بکات. مەبەست لەو شوبهاندنە ئەوەیە کە دەکرێ لە هەموو توانا و بەهرەکانی خانمان کەڵك وەربگرین و بە بەشدارکردنیان لە دروستکردنی سیاسەت، سیاسەتێکی حەکیمانە و دروست و حوکمڕانییەکی کارامەترمان هەبێت.

زۆربەی چالاکانی بواری مافی ئافرەتان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە لە پەیکەرەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، نەك زۆربەی مافەکانی ئافرەت پێشێل دەکرێت، بگرە توندوتیژی جۆراوجۆریشیان بەرامبەر دەکرێت، کۆسپ و تەگەرە دروستکردنیش لە بەشداریکردنیان لە بواری سیاسی بە جۆرێك توندوتیژی سیاسی لێکدەدەنەوە.

هەر لەو بارەیەوە کۆمەڵناس گوڵاڵە مەعرووف سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئافرەت هەڵگری چەندین تایبەتمەندیی ئەرێنی و خودییە، وەك دڵسۆزی و فیداکاریی دایکانەی، دەستپاکی و ترسی لە ناوزڕاندن، روانگەی دوورمەودای بۆ داهاتووی خێزان، هەڵسووڕاندنی ئابووری و کاروباری ناوماڵ، وردبینی و پێشگیری لە نەخۆشکەوتنی منداڵەکەی پێش چارەسەری، ئەوانەو چەندین خووی دیکەی خانمانە وادەکەن لە دروستکردنی سیاسەت و تەنانەت لە بەشداربوونی لە بەڕێوەبەریدا کاریزماتر بێت.» گوتیشی: «چۆن ئەمرۆکە زۆربەی وڵاتانی تازە گەشەسەندوو هەوڵدەدەن بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی کاری سیاسیی وڵاتانی پێشکەوتوو لە مەسەلەی مومارەسەکردنی دیموکراسیەتدا وردە وردە ئەو فەرهەنگە لە کۆمەڵگەکەیان گەشە پێ بدەن، هەروەها چۆن بۆ دامەزراندنی بنیادی ئابوورییەکی تەندروست و بەهێز پەنا بۆ نموونە ئەزموونکراوەکانی وڵاتان دەبەن، هەروەها چۆن بۆ داڕشتنی سیستمی تەندروستیی پێشکەوتوو سوود لە تەکنیك و ئەزموونەکان وەردەگرن، بەهەمان شێوە پێویستە لە مامەڵەکردن لەگەڵ سوودوەرگرتنی تواناکانی ئافرەت و بەشدارپێکردن و سەرمایەگوزاریکردن لەسەری بۆ سوودی گشتی، پشت بە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتووی مەدەنی ببەسترێ و زیاتر لەوە کات بەفیڕۆ نەدرێت و ئەو سەرمایە نووستووە ببووژێندرێتەوە. لە بەرامبەریشدا ئافرەتان پێویستە نموونەیەکی پێشکەوتوو و جیاوازتر لە نموونەکانی پێشووتری خۆیان و پیاوان لە سیاسەتکردن پێشکەشی کۆمەڵگە بکەن.»

پێویستە لە مامەڵەکردن لەگەڵ سوودوەرگرتنی تواناکانی ئافرەت و بەشداریپێکردن و سەرمایەگوزاریکردن لەسەری بۆ سوودی گشتی، پشت بە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتووی مەدەنی ببەسترێ و زیاتر لەوە کات بەفیڕۆ نەدرێت و ئەو سەرمایە نووستووە ببووژێندرێتەوە

ئایا لە کوردستان زەمینە لەبارە بۆ ئەوەی ئافرەتان بەشداری لە دروستکردنی سیاسەت و بڕیاری سیاسیدا بکەن؟ ئەو کۆمەڵناسە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێت: «نەخێر، چونکە ئەگەر هەشبێت، زۆر بەرتەسك کراوەتەوە، ئەوەش چەند هۆکارێکی سەرەکی هەیە، لەوانە: بەها و نەریتی دیموکراسی و مەدەنییەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا جارێ وەك پێویست نەچەسپاوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دامەزراوەکانمان هەر لە پارتە سیاسییەکانەوە بگرە، تاکو دامەزراوە تەشریعی و ئیداری و تەنانەت رێکخراوەکانیش نەتوانن بە شێوەیەکی دامەزراوەیی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و گشت ئەندامان لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەشداری لە ئیدارەدانی کاروبارەکان بکەن و لە ئەنجامدا پشکداربن لە دروستکردنی سیاسەتی گشتی و تایبەتی وڵات و دامەزراوەکانیان. کەواتە لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی وەکو کوردستان کە تازە ئەزموونی دیموکراسی دەکات، ئەگەر بواری بەشداریکردن لە دروستکردنی سیاسەت بۆ پیاوان بەرتەسك بێت، بۆ ئافرەتان زۆر سنووردارترە.»

لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی وەکو کوردستان کە تازە ئەزموونی دیموکراسی دەکات، ئەگەر بواری بەشداریکردن لە دروستکردنی سیاسەت بۆ پیاوان بەرتەسک بێت، بۆ ئافرەتان زۆر سنووردارترە

لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی وەکو کوردستان کە تازە ئەزموونی دیموکراسی دەکات، ئەگەر بواری بەشداریکردن لە دروستکردنی سیاسەت بۆ پیاوان بەرتەسک بێت، بۆ ئافرەتان زۆر سنووردارترە

شەهلا دەباغی چالاکی سیاسی و مەدەنییە و رای وایە: لە ئێستادا لە هەمووی بە ئازارتر و جێی نیگەرانی زیاتر نەمانی باوەڕ بە یەکتر و دیالۆگە لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵگەدا، ئەوەش پرۆسەی دروستکردنی متمانەکەی لاوازتر کردووە. ئەو خاتوونە چالاکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «جگە لەوەی توندوتیژی سیاسی بە رێگریکردن لە هاتنە پێشەوەی خانمان بۆ ناو ناوەندەکانی بڕیاری



**لە ئێستادا لە هەمووی پڕ ئازارتر و جێی نیگەرانی زیاتر نەمانی باوەڕ بە یەکتر و دیالۆگە لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵگەدا، ئەوەش پرۆسەی دروستکردنی متمانەکەی لاوازتر کردووە**

سیاسی شتێکی بەرچاوە، هاوکات توندوتیژی و هەستی تۆڵەسەندنەوە لە نێوان پیاوانی ناپەرپرسیاری سیاسیدا چەکەری کردووە و ئەوەش وایکردووە کە کورد بە تەواوی دابەش بووە و شیرازەی کۆمەڵگەکەشی شێواندووە.»

هاوکات دەڵێت: «ئەوەی بە بیست ساڵ بۆ باوەڕ، متمانە، لێبوردەیی، خۆشویستی و ئازادی باسمان لێدەکرد و رستمان، بە شەوێك کراوەتەوە بە خوری. کینە و خواستی تۆڵە تانوپۆی کۆمەڵگەی بە خێرایی داگرتووە. ساڵیانی ساڵ، هەوڵ درا کە کینە بسڕینەوە، کەچی بە کارەساتی کەرکوك دیسان تۆی ئینتیقام چێندرایەوە. هیوادارم سوورانی ئەو بازنە شوومە تەواو بێ. کورد دەبێ (بە هەردوو ڕەگەزیەوە) بگەڕێتەوە سەر هێڵی کوردایەتی و دیالۆگی ناوخۆیی بۆ ڕزگاری، هەوڵ بۆ هێمنایەتی و تەناهی و ڕۆحی کوردانەی دژی داگیرکاری و دوورکەوتن لە خۆکوژی و شەڕی ناوخۆیی، کوردایەتیش بەو مانایە کە مافەکان بۆ هەموو ئینسانێکە دەبێت ڕێز لە بنەماکانی ئازادی، داد و یەکسانی بگرین. هەروەها دەبێت سەرەڕای هەموو گرفتەکان لە دۆخی ئێستادا هاوکار و پشتیوانی بارزانی و دەمیرتاش بین و ڕێز لە ئیرادەیان بگرین. بۆ دیکتاتۆری ڕۆژئاوا، هەرگیز تاکی کورد تاکی ئازاد نەبووە و بگرە بەردەوام وەك کۆیلەیەکی مۆدێرن چاویان لێکردووین کە نابێ لە فەرمانی ئەوان دەربچێن. بەڵام کورد بۆ یەکجار تەلیسمی شکاند و لە فەرمان دەرچوو. ئێستا دەبێ ئامادە بین بۆ هەر سزایەك. بەڵام ئینسانی کورد دەبێ یەك شت بزانێ لە ئاخر سەردا بەرخۆدان دەتوانێ مۆڕاڵی بەردەداران بخاتە ژێر چۆك.»

**کوردایەتی بەو مانایە کە مافەکانی بۆ هەموو ئینسانێکە و دەبێت ڕێز لە بنەماکانی ئازادی، داد و یەکسانی بگرین**

ئاسۆ حاجی وەك نووسەر و میدیاکارێك، سەردێری ڕادەربڕینەکەی بەم رستەیە: «گۆڕینی تێگەیشتن، نەك گۆڕینەوەی زاڵبوون» دەست پێدەکات و هاوکات دەڵێت: «ناکرێ لە بەشدارییەکی رووکەشی و بێ ناوەڕۆك مافەکانی ئافرەت لە کایەی سیاسەتدا کورت بکەینەوە، چونکە بەشداریی سیاسی ئەوە تەنیا ڕوویێکی مافەکانیەتی، ئەگەر ئافرەتان لە ناوخۆیاندا ئازاد نەبن و لە واقیعدا مومارەسەی ئەو ئازادییە نەکەن کە ئەو ئازادییە ڕەهەندەکانی بوون و ئامادەیی دەسەلمێن، دوور لەو ئازادییە ئافرەت تەنیا وەك پاشکۆیێك دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە کاری سیاسیشدا بەشدار بێت، چونکە ئەو کاتیش بە تەنێ بەشدارییەکی رووکەشانەی بێ ناوەڕۆکە.»

هێما بۆ ئەوەش دەکات کە: «غایببوونی دیموکراتیەت دەرفەت و گۆڕەپانی لێك جیاکردنەوەی نێوان توندوتیژی لە دژی ئافرەتان و نێوان پێگەیشتنی هۆشیاری و ناسنامەی مرۆیی بوونیەتی، لێرەدا چەمکی دەسەڵات لە کۆمەڵگە پاشقەڕۆکان پەیوەندییەکان لە سەر بناغەی زاڵبوون و کۆنترۆڵکردن بەردەوامییان هەیە لە چوارچێوەی پۆلێنکردنیان، کە کێ لاوازە و کێ بەهێز و دەسەڵاتە، کرۆکی ئەو زاڵبوونەش بۆ مەبدەئی کۆنترۆڵکردنەوە دەگەڕێتەوە، کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوە لەلایەن پیاوانەوە کۆتایی دێ و یەکلا دەبێتەوە، چونکە ئێمە کۆمەڵگەیەکی نێرینە و نێرسالارین، کە تێیدا پیاوان هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی ماددی و مەعنەوی هەڵدەسوورێنن، لە هەمان کاتیشدا مۆنۆپۆلی هەموو لێکدانەوە و داڕشتنە ئەخلاقی و قانوونی و سیمبولە مەعنەوی و ئایینییەکانیشیان کردووە، پیاو هەرگیز دەستبەرداری ئەو دەسەڵاتە نابن، چونکە لای ئەوان گرێدرای زاڵبوون و فەرماندانە، بۆیە پێویستە کار لەسەر گۆڕینی تێگەیشتن لە چەمکی دەسەڵات بکرێ، هەروەها هەوڵ بدرێ کە لە پێناسەیەکی نوێدا دابڕێژرێتەوە، ئەوەش کاری دەوڵەت و دامەزراوەکانیەتی کە ئافرەتان دەتوانن فشاریان لە سەر دروست بکەن لە ڕێگای ڕێکخراوەکان و پارت سیاسییەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ناوەندەکانی مەعریفە کە زانکۆ کاریگەرترینیانە، بەو ئاراستەی لە ڕوانگەیەکی مرۆیانە دابڕێژێندرێنەوە لە واقیعی سیاسیدا پراکتیزە بکرێن، لە چوارچێوەی کارکردن و بەشداریکردن لە بڕیاردان لەو بڕیارانەی دەکەونە خزمەت مرۆڤ و مافەکانی.»

ئاسۆ حاجی بە پرسیارێکی گرنگ درێژە بە خستنەڕووی بۆچوونەکانی دەدات و دەپرسێت: ئایا کار بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی پیاو دەکەین بۆ زاڵبوون و وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئافرەتانەوە، یان پێویستە شێواز و چوارچێوەی هۆشیاریی مرۆڤەکان دەربارەی چەمکی دەسەڵات و دەوڵەتداری و کاری سیاسی گۆڕانکارییان بەسەر دابێت؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا دەڵێت: «گۆڕینەوەی دەسەڵاتی یەکێك بە دەسەڵات و زاڵبوونی یەکەکەی دیکە، خزمەتی هیچ لایەکیان ناکات، باشترە کار بە ئاراستەی دەوڵەتی هاووڵاتی بکەین کە بە بۆچوونی من پێنگاڤی یەکەمی لە گۆڕین دەبێت لە عەقڵییەتی زاڵی حزبەکان بەوەی کە ببنە حزبی سندوقی دەنگدان کە ئەو کات دەنگی ئافرەتێك و پیاوێك جیاوازی نابێ، هەروەها حزب واز لەو سەرچاوە نەریتییانە بێنێ کە ئەو بەهێز دەکەن و کۆمەڵگە لاواز، وەك بنەماڵە و خێڵ و شێخ و مەلا و تەکیە و دیوەخان و.. هتد، بەڵکو پێویستە کار بۆ بەهێزکردنی یاسا و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و تاك بکرێ و ئەوانە بکرێنە بناغەی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەشداری لە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری».

**پێویستە کار بۆ بەهێزکردنی یاسا و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و تاك بکرێ و ئەوانە بکرێنە بناغەی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەشداری لە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری**

یاساناس و پێشمەرگەی دێرین حەسیب شێخانی کە بە (حاکم بۆتان) ناسراوە، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کاتێک لە کۆمەڵگە توندوتیژی هەبێت، بێگومان ئاسەوارەکانی هەموو لایەك دەگرێتەوە، ئەوەش زۆرتر پەیوەندی بە فەرهەنگ و ئاستی ڕۆشنبیری لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە شوێن و پێگەی یاسا لە نێو کۆمەڵگەدا هەیە. دیارە مەبەستم لە یاسا دوو بابەتە، یەکەمیان سەرچاوەی یاساکان، دووەمیان یاسا تا چ ئەندازەیەک پارێزگاری لە هاووڵاتی دەکات و یاسا سەروەری لە نێو کۆمەڵگە تا چەند چەسپاوە. دیارە کۆمەڵگەی کوردەواری و بەتایبەتی کوردستانی باشوور وەك وڵاتانی پاشکەوتوو لەو پەتایە بە دوور نییە کە تێیدا ژن وەک کالایەک سەیر دەکرێت، ئەوەش وای کردووە، نەک ئاستەنگ بۆ بەشداریی ژنان لە سیاسەتدا دروست بکرێت، بەڵکوو فشاری زۆر بخرێتە سەر ئازادیی ژنان و توندوتیژیی جۆراوجۆریان بەرامبەر بکرێت.» گوتیشی: «گرووپ و پارتە سیاسییەکان زادەی کۆمەڵگەی خۆیانن، بۆیە لە کۆمەڵگەی دواکەوتوو، لایەنە حکوومی و ناحکوومییەکان نەیانتوانیوە ڕێگا لە بەردەم بەشداریی سیاسیی ژنان ئاوەلا بکەن.»

# لە هەر شەڕو بار گرژیەکدا ئافرەتان باجی ناکۆکیەکان دەدەن

هەمیشە لە جەنگەکاندا مۆراڵ و پرەنسیپ و بەها مرۆییەکان پێشێل کراوە و زۆرجار دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەت و منداڵانی لێکەوتووەتەوە و ئەوەشیان وەکو نیشانە و پەیامێکی براوەبوون لە جەنگ هەژمار کردووە. لە مێژووی نوێی مرۆڤایەتیدا، هەمیشە پیاوان جەنگیان بەرپا کردووەو ئافرەتان و منداڵان باجەکەیان داوە. لە جەنگ و ململانێ خوێناویەکاندا هەمیشە قوربانیی سەرەکی ئەوانەن کە هیچ رۆڵ و بەرژەوەندییەکیان لەو کوشتارانەدا نییە، لە کاتێکدا ئافرەتان وەك توانست و هێزێکی شارستانی و فەرهەنگی و سیاسی و ئابووریش رۆڵ و کاریگەرییان لەسەر تەواوی کایە کۆمەڵایەتی و شارستانی و ئابووری و سیاسییەکان هەبووەو بەردەوام کاریگەرییەکانیان لەسەرجەم کایەو رۆڵە جیاوازەکاندا دەبینرێت. ئەگەر سەرلەبەری جەنگەکانی جیهان پیاو هەڵگیرسێنەری بوویێت، ئەوا ئافرەت لەمێژوودا کاریگەرییەکی ئاشتیخوازانەی هەبووەو ترسی هەبووە لە تێکچوونی کۆمەڵگەو وێرانبوونی شارستانیەت، ئەوەی ئەمڕۆش لە ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان بەرامبەر ئافرەتی کورد دەگوزەرێ، بەدەر نییە لەو پرۆسەیە کە دواجار ناچار بە ئاوارەیی و دەربەدەری کران، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لەدیدی جیاوازەوە پەنجە دەخەنە سەر رێگەچارەکان و تاوتوێی ئەو پرسە هەستیارە دەکەن.





**ئەوەی جێگای داخەو لاپەڕەیەکی ڕەشی مێژووی کوردستانە، خیانەتی گەورەی ڕۆژە ڕەشەکەی ١٦-١٠-٢٠١٧ بوو، کە شارەکانی کەرکووک و خورماتوویان ڕادەستی دوژمنانانی کورد کردەوە**

**ئەوەندەی بیستوومانە حەشدی شەعبی لە داعش زۆر خراپترە، تەنانەت لە زۆر ناوچە دوای هێرشەکە دەستدرێژی کراوەتە سەر ئافرەت و بێ ڕێزییان پێکراوە**

**ئافرەتانی ئاوارەی شەڕ لە لایەک بۆ لەدەستچوونی ئازیزان و لەلایەکی دیکەش بۆ قوربانی و تێکشکانی خۆیان لە تاسان و خەمێکی قووڵدا نقوم دەبن، ئەم ئازارە دەبێتە جەنگێکی دەروونی درێژخایەن بۆ هەمیشە کاریگەری لەسەر یادەوەرییان دەبێت و وا بەئاسانی ئەم گرێ دەروونییە ساڕێژ نابێت**

« دوای هێرشەکەی حەشد بۆ سەر کەرکووك لە ترسی گیانی هاوسەر و تاقە کوڕەکەم بە جلکی بەرمان ڕامان کرد، لە بارودۆخێکی دەروونی خراپدایین، چوار ڕۆژی تر زستان و سارد و سەرما دێ، منداڵەکانمان خوێندنی ئەمساڵیان فەوتا. ئەوە یەکەمجار نییە ئاوارە و ماڵوێران و دەربەدەر دەبین، لەوەتی کەرکووك هەیە، کوردی ئەو شارە لە لایەن حکومەتەکانی عێراقەوە دەربەدەر و شاربەدەر و ماڵوێران دەکرێن، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دڵم لەناو دەستمە و خەمی هاوسەر و برا و کوڕەکەمە، دەڵێن دەڕۆینە کەرکووك و مافی کورد وەردەگرینەوە.» ئەوە قسەی میدیا سلێمان بوو. ئەو یەکێکە لەو هەزاران دانیشتووانەی شاری کەرکووك کە ئاوارەی هەولێری پایتەخت بوون.

میدیا لە درێژەی قسەکانیدا بۆ گوڵان دەڵێت: «بەهۆی ئەوەی کوڕەکەم ئاسایش بوو، لەبەرچاوی خۆمان دەستیان بە تاڵانکردنی ماڵەکەمان کرد و هەر ئەوەندەمان پێکرا گیانی خۆمان ڕزگار بکەین، لە ئێستاشدا ماڵەکەمان سووتێندراوە، ئەوانە هیچ گرنگ نین، چونکە ئەوەندەی بیستوومانە حەشدی شەعبی لە داعش زۆر خراپترە، تەنانەت لە زۆر ناوچە دوای هێرشەکە دەستدرێژی کراوەتە سەر ئافرەت و بێ ڕێزییان پێکراوە.»

فەزیلە شۆڕش بەرپرسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ئۆفیسی ئەوروپا، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئێمەی ئافرەتانی تاراوگە هەر وەك ڕۆڵە کۆڵنەدەرەکانی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکانمان و دایکی شەهیدان و شەهیدە نەمرەکانمان کە خۆیان کردە قوربانی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، ئومێدمان زۆرە بە هاتنەدی خەونی سەدان ساڵەی کورد و کوردستانییان. بێگومان دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ خەونێکە بۆ بەرەوپێش چوون و لەم دەوڵەتە سەربەخۆیە مافی هەموو پێکهاتە و چینەکان بەتایبەتی ئافرەت پارێزراو دەبێت.» گوتیشی: «ڕۆژی ٢٥-٩-٢٠١٧ ڕۆژێکی پیرۆزە لە مێژووی کورد و کوردستاندا کە لەسەر دەستی سەرۆك و مەرجعیەتی کورد بەڕێز مسعود بارزانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجام دراو کوردستانییان لە هەموو شوێنێك بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە ڕوویان لە سندوقەکانی دەنگدان کرد، کوردەکانی تاراوگەش کۆمەڵ کۆمەڵ لە شوێنێك کۆ دەبوونەوە و لە ڕێگەی لاپتۆپەکانیانەوە دەنگیان بە (بەڵێ) دا بۆ سەربەخۆیی. ئەوەی جێگای داخەو لاپەڕەیەکی ڕەشی مێژووی کوردستانە، کە لە ڕۆژی ١٦-١٠-٢٠١٧ شارەکانی کەرکووك و خورماتوویان ڕادەستی دوژمنانی کورد کرد، ئەگەر ئەو کارە نەکرایە ئێستا زۆر کاری باشتر دەکرا بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی. ڕژێمی عێراق جارێکی دیکەش دەستدرێژی کردە سەر کوردستان و دەرئەنجامەکەشی وێرانی و دەربەدەربوونی دەیان هەزار ڕۆڵەی کورد بوو، ئەوەش کە زۆر زیانی پێگەیشتووە لەم کارەساتانە ئافرەت و منداڵە، بەتایبەتی کە منداڵان لە قوتابخانەو خوێندن دوور کەوتنەوە، ئەو بارە ناخۆشە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە بەتایبەتی لەسەر لایەنی دەروونیی منداڵ و خانەوادەکەی، بەو سەدەمەیەش ڕەنگە زۆریان تووشی نەخۆشی دەروونی ببن.

فەزیلە شۆڕش لە درێژەی ڕادەربڕینەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «هەموو خێزانێك شایستەی ئەوەیە کە لە کەشێکی ئارام و ئاساییدا بژی و لە هەموو فشارو توندوتیژییەك دوور بێت، بەڵام دۆخی جەنگ تێکدەری ئەو کەشەیە و بە هۆی توندوتیژی و کوشتن و ویرانکاری، خێزانەکان ئاوارە دەبن و لە ناوە خێوەتی کەمپەکاندا دۆخێکی زۆر سەختدا تێدەپەڕن. سەبارەت بە کاروچالاکی خۆشیان گوتی: «ئێمە وەك ئۆفیسی ئەوروپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پەیامێکمان ناردووە بۆ زۆربەی پەرلەمانەکان و یەکێتی ئەوروپا و باڵیۆزخانەکان و داوای پاڵپشتی و هاوکاری و یارمەتیمان بۆ کوردستان کردووە و داوامان کردووە کە کوردستان بە تەنیا جێ نەهێڵن لەم کارەساتەی کە دەستدرێژی دەکرێتە سەر خاك و گەلەکەی، چونکە کوردستان بە کەڵکی هەموو جیهان هاتووەو لەجیاتی هەموو

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**ئەوە یەکەمجار نییە ئاوارە و ماڵوێران و دەربەدەر دەبین، لەوەتی کەرکووک هەیە، کوردی ئەو شارە لە لایەن حکومەتەکانی عێراقەوە دەربەدەر و شاربەدەر و ماڵوێران دەکرێن**

**ئەگەر پیاوان لە جەنگدا دەبنە قوربانیی ئامانجەکان و گیان لەدەست دەدەن، ئەوا ئافرەتان گەورەترین قوربانیی جەنگی سەربازین، ئەوان هاوسەر و خۆشەویستانیان لەدەست دەدەن، بێکەس و ماڵوێران دەبن و منداڵەکانیان بە بەرچاویانەوە برسی و بەدخۆراک دەبن**

**مافی هەموو پێکهاتەکانی عێراق و بەتایبەتی کورد لەو وڵاتەدا پێشێل کراوەو تائیفییەت و مەزهەب بە زۆری بە سەر خەڵکدا سەپێندراوە و لە سایەیدا ئافرەت بە توندی چەوساوەتەوە**

جیهان شەڕی داعشی کردووەو پێشمەرگە قارەمانەکانمان بوێرانە و ئازایانە رووبەڕووی تیرۆیستان بوونەوەو جیهانیان پاراست لە تەشەنەکردنی تیرۆریستانی داعش، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو جیهان هاوکاری و پاڵپشتی کوردستان بکات.» گوتیشی: «کاتێك پێشمەرگەیەك لە سەنگەردا شەهید دەکرێت، هاوسەر و منداڵەکانیشی دەبنە قوربانی و چارەنووسێکی زۆر سەخت و نالەبار بەرۆکیان دەگرێت، بۆیە ئەرکی هەموو لایەکە کە بە جددی ئاوڕیان لێ بدەنەوە، هەروەها ئەو خێزانانەی کە بە هۆی شەڕەوە ئاوارە دەبن و ماڵ و موڵکیان تاڵان دەکرێت، بە تەواوی لە رووی دەروونییەوە تێکدەچن، بۆیە پێویستە بەپەلە بەسەر بکرێنەوە و لە هەموو روویەکەوە هاوکاری بکرێن.» جەختی لەوەش کردەوە کە «ئافرەتان رۆڵێکی زۆر گەورەیان هەیە لە خۆپیشاندانەکان و ناردنی پەیام بۆ پاڵپشتی و هاوکاریکردنی کوردستان لەلایەن وڵاتانی گەورەی جیهانەوە، بۆ هەموو جیهانیش روون بووەتەوە کە مافی هەموو پێکهاتەکانی عێراق و بەتایبەتی کورد لەو وڵاتەدا پێشێل کراوەو تائیفییەت و مەزهەب بە زۆری بە سەر خەڵکدا سەپێندراوە و لە سایەیدا ئافرەت بە توندی چەوساوەتەوە.»

حەسیبە سەعید مامۆستا و چالاکی کۆمەڵی مەدەنییەو ئەویش سەبارەت بە هەمان پرس رایوایە : «ئەگەر پیاوان لە جەنگدا دەبنە قوربانیی ئامانجەکان و گیان لەدەست دەدەن، ئەوا ئافرەتان گەورەترین قوربانیی جەنگی سەربازین، ئەوان هاوسەر و خۆشەویستانیان لەدەست دەدەن، بێکەس و ماڵوێران دەبن و منداڵەکانیان بە بەرچاویانەوە برسی و بەدخۆراکی دەبن. ئافرەتانی ئاوارەی شەڕ لە لایەك بۆ لەدەستچوونی ئازیزان و لەلایەکی دیکەش بۆ قوربانی و تێکشکانی خۆیان لە تاسان و خەمێکی قووڵدا نقوم دەبن، ئەم ئازارە دەبێتە جەنگێکی دەروونی درێژخایەن بۆ هەمیشە کاریگەری لەسەر یادەوەرییان دەبێت و وا بەئاسانی ئەم گرێ دەروونییە ساڕێژ نابێت.» گوتیشی: «لە کاتی شەڕەکاندا لەگەڵ ئەوەی ئافرەتان و منداڵان بەشێك نین لە هەڵگیرساندنی شەڕەکان، بەڵام هەمیشە قوربانی و سووتەمەنی یەکەمی جەنگ و ناکۆکییەکانن، بۆیە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٠ بڕیاری (١٣٢٥) ی دەرکرد بەناوی (ژن و ئاشتی و ئاسایش)، کە تایبەتە بەو دەوڵەتانەی ناکۆکی و شەڕ و ململانێی سیاسی و چەکداری تێدایە، هۆشداری دەداتە وڵاتان تا ئافرەتان و منداڵان بپارێزرێن و، لەکاتی ئاوارەبوون و پەنابەرییان کاری لە پێشینەیان بۆ بکرێت لە دابینکردنی پێداویستییەکانیان، لە هەمان کاتدا بڕیارەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت ژنان رەگەزی سەرەکی بن لە دروستکردنی ئاشتی. بە گشتی بڕیارەکە پێویستییەکی گرنگی ئێستای ئافرەتانە بۆ ئەو ناوچانەی کە تێیاندا شەڕو ناکۆکی و ململانێیەکان لەئاستێکی مەترسیداردایە، بەڵام عیبرەت لە پابەندبوونی وڵاتانە بەو بڕیارە، کە لە رووی کردارییەوە لە ئاستیکی زۆر نزمدا جێبەجێ دەکرێت.»

بە گوێرەی ئامارەکانی رێکخراوی یونسێف، بە هۆی شەڕەکانەوە١٠ ملیۆن منداڵ تووشی نەخۆشیی دەروونی و خەمۆکی هاتوون، کە بەشی هەرە زۆری ئەو منداڵانە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامین، دەروونناسان و پسپۆڕانی بواری پەروەردەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە شەڕ کاریگەرییەکی ترسناکی لەسەر کەسێتیی منداڵ هەیە، بە جۆرێك کە ئەو ترسەی جەنگەکان بە هۆی دەنگی فڕۆکە و تەقە و تەقینەوەی تۆپ و مووشەك و ئاژیرەکانی ئاگادارکردنەوە بەرهەمی دێنن، لەناو منداڵاندا دەبنە هۆی تووشبوون بە فۆبیا و خەمۆکییەکی توند. هاوکات شەڕەکان قەیرانی شوناس لای منداڵ دروست دەکەن، بەو پێیەی ئەوان نازانن سەر بە کام لایەنی شەڕکەرن و خۆیان لێ ون دەبێت. بە گوێرەی راپۆرتێکی یونسێف، نزیکەی (٥٠٠) هەزار منداڵی عێراق پێویستییان بە چارەسەری دەروونی هەیە، ئەویش لە ئاکامی ئەو ترس و شۆکەی شەڕ لە دەروون و بیرەوەرییاندا چاندوویەتی».

